Iraq Education Cluster

# کورتەی پەروەردە: دەستەی پەروەردە، گەڕانەوە بۆ قوتابخانە ٢٠١٥

## پەروەردە و خوێندن چی یە لە حاڵەتی ناکاو (ئیمێرجنسی)؟

پەروودە و خوێندن مافێکی سەرەکی هەموو منداڵێکە لە هە موو کات و ساتێکدا. بەڵام لەمرۆ لە جیهاندا، ٥٨ ملیۆن منداڵ بێبەشن لە خوێندن هەر لە قۆناغی سەرەتایی تەمەنییانەوە وە نیوەی تریشیان لەو شوێنانە دەژین کە پڕن لە شەرو  نەهامەتی (یونیسکۆ ٢٠١٥).

ئابی ٢٠١٤، نەتەوە یەکگرتووەکان رایان گەیاند کە عێراق لە ئاستی ئیمێرجنسی (L٣) یەکە بە (خراپترین ئاست) هەژماردەکرێت بە پێ ی دابەشکردن و پۆلینکردنی سیستەمی مرۆیی جیهانی. هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ  چری دانیشتوان, پێویستییەکان و بە ئەستەم پەیداکردنیان، وەهەروەها نەبونی توانای ناوخۆیی وڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. عێراق یەکێکە لەو چوار تاکە وڵاتەی کەلە ئێستادا بە ئاستی (L٣) هەژماردەکرێن بە پێ ی سیستەمی مرۆیی جیهانی.

بخرێتە حاڵەتی کاردانەوەی پێویست  (ئیمێرجنسی) کە پێکدێت لە جۆرەها خزمەتگوزاری و بە «رزگارکەری ژیان» ناو دەبردێت .لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ زیاتر دەرکەوتنی رۆڵی بەشی پەروەردە لە رزگارکردن و بەردەوامیدان بە ژیان پەروەردەکردن لە ئێستادا دەتوانرێت بەرچاوبکرێت لە پلاندانان و دابینکردنی هاوکاری مرۆیی کە بەشێکە لە کاردانەوەی پێویست.

بایەخی خوێندن, وە بەتایبەتی لەچوارچێوەی کاردانەوە لە حاڵەتی ناکاو(emergency response)، هەروەها گرنگبوونی ئەم بابەتە لە حاڵەتی ئیمێرجنسی (L٣)، پێویستە لە پێش وەختدا پێداویستییەکانی خوێندن  لە عێراق دا دەستنیشان بکرێت .

خوێندن راستەوخۆ کار لە پێشکەوتنی باری ئابوری وڵات دەکات، بواری ئابووری باشتردەکاتو ئەمەش دەبێتە باشتربوونی دۆخی منداڵپارێزی و دەرونی منداڵ و لە ئەنجامدا ئاشتی و ئارامی دەست بەسەر وڵات دادەگرێت.



## بارودۆخی عێراق چۆنە؟

لە چوارچێوەی  ئەو سێ دەیەی (سی ساڵەی)  شەرو ناجێگیربونی عێراق, دوایین شەر لە عێراق جێگەی دیارە بە دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری ئەنبار لە کانونی دووەمی ٢٠١٤ کە تێیدا زیاتر لە ٢,٢ ملیۆن کەس ئاوارە بوون.

ئەمەش وایکرد کە بەیەکێك  لە سەختترین کۆچە ناوخۆییەکان دابنرێت لە جیهاندا.

لەگەڵ ئەو زنجیرە شەڕانەی دواییدا،زیاتر لە ٣ ملیۆن منداڵ بێبەشبوونە لە مافی خوێندنی جۆری.

لە نێو ئاوارەکاندا نزیکەی  ١,٣ ملیۆنیان منداڵن . کە زۆربەیان  ژیانێکی  سەخت و توندو تیژیان بینیوە ، ٩٧٠،٠٠٠ یان  لەو ناوچانەن کە لەژێر دەسەلاتی حکومەتدا نەماون.لەو  ٩٠٠,٠٠٠  منداڵە کۆچبەرە ناوخۆیانە کە تەمەنیان دەشێت بۆ قوتابخانەی ٣٢٪ یان سودمەندبوونە لە خوێندن کاتێك وەرزی خوێندن کۆتای پێهاتووە لە مانگی تەمموز ,نزیکەی ٧٦٪ یان  ساڵێکی تەواو لە خوێندنیان لەدەست چووە و هەروەها ٧٠٪ لە منداڵانی ئاوارە دەستیان بە خوێندن ناگات. لەگەڵ ئەوەشدا لە و چوار ساڵە شەرە درێژخایەنەی سووریا نزیکەی 4/1 ملیۆن ئاوەرەی سووری لە شوێنی خۆیان هەڵاتوون و روویان لە عێراق کردووە، نزیکەی 60,000 منداڵی ئاوەرەی سووری لە خوێندنیان دابراون لەگەل ئەو هەموو نەهامەتی و ناخۆشییەی بە سەر ژیانییان داهاتووە .هاتنی ئەو ئاوارە ناوخۆیانە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبووە لە سەر کۆمەلگای خانەخوێ و پاڵەپەستۆ  لەسەر قوتابخانەکان دروست کردووە.

لەگەڵ زۆربوونی ئاوارەی ناوخۆیی ژمارەی ئەو منداڵانەی پێویستیان بە خوێندنە زیاد دەکات لە تەواوی وڵاتدا بەتایبەتی لەدەرەوەی کامپدا.پاڵپشتی فێربوون زیاتر پێویست دەبێت، قوتابخانەکان زووترٍ پردەبن و قەرەبالغی دروست دەبێت و شوێنی هەموو قوتابییە ئاوارەکان نابێتەوە.

زۆری قوتابییان بۆ رێژەی مامۆستایان، نەبوونی ژمارەیەکی تەواو لە مامۆستای شارەزا،مامۆستای مەشقپێکراو یاخود شارەزا لە چاودێریکردن و باش راگرتنی دەرونی منداڵ. نەبوونی سەرچاوەی پارە بۆ بەشی پەروەردە. قوتابخانەکان کەم و کورتییان هەیە لە ژمارەی کورسی و مێز(رەحلە)، کتێب، پێداویستی تری قوتابخا نە.

هەروەها نەبوونی توانای ماددی خێزانەکان لە یارمەتیدانی منداڵەکانیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندندا. ئاوارە سورییەکان دوچاری کێشەی زمانی خوێندن بوونەتەوە چونکە تەواوی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە و لە هەرێمیش سیستەمی خوێندن بە زمانی کوردییەو ژمارەیەکی کەم لە قوتابخانە عەرەبی هەیە.هەروەها زمانی کرمانجی سووری جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی خوێندن. بۆیە دۆزینەوەی قوتابخانەی عەرەبی سەختە بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی کامپەکان دەژین.

بەهۆی ئەو توندو تیژیانەی بەرامبەر منداڵ دەکرێن پێویستە زیاتر هانی منداڵ بدرێت بۆ خوێندن تاکو زیاتر سودمەند بن لە مامۆستاو وانەکانیان, تەنها ئەوە نی یە خوێندنیان بۆ دابینبکرێت بەلکو  ئامۆژگاری و ئاسودەکردنی دەروونی قوتابییەکە زۆر پێویستترە  ئەویش لە رێگای مامۆستاکانیان دەبێت. منداڵ پێویستە پاڵپشتی بکرێت بۆ ئەوەی بگات بەدوارۆژێکی رووناك و گەشاوە بۆئەوەی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدایە بەرەو خۆشی و ئاشتی ببات.




## بۆچی پەروەردەو خوێندن لەحاڵەتی ئیمێرجنسی پێویستە بۆ منداڵانی عێراق؟

منداڵانی ئاوارەبوو بەهۆی شەڕ زۆرترین ستەم لێکراو و پشتگوێخراو دەبن ئەگەر هاتو و نەگەڕێنەوە بۆ سەر خوێندنیان و بەردەوام نەبن. ئەو منداڵانەی دوورن لە خوێندن ئەوانەن کە هانا دەبەن بۆ ئیشکردن، یان هاوسەرگیری منداڵان، یان پەیوەندی کردن بە هێزەکانی شەر. بە پێ ی راپۆرتێکی یونیسێف و رێکخراوی منداڵپارێزی، زۆری منداڵانی عێراق دەستیان کردووە بە جۆرەها ئیش کە ٧٧٪ یان منداڵی ئاوارەی سورین وەك لە زاری خۆیانەوە دەڵێن کاردەکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکانیان. بەپێ ی ئامارەکانی کارکردنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان ٣٠٪ ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە منداڵی ئاوەرەی سوورین و نێردراون بۆ کار.

### خوێندنی ئیمێرجنسی ئەنجامی باشی دەبێت بۆ ئەو منداڵانەی زەرەرمەند بوونە وەك:

- ژینگەیەکی پارێزراو: لە قوتابخانە تەندروستی لەش و پاراستن و بۆ منداڵان دابیندەکرێت وە دڵخۆشکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەکو بەشێك لە پەروەردەکردن و جێگیربوون یارمەتی منداڵان دەدات بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان  کە کاری لە خوێندنیان کردووە, وەهەروەها گونجاندنیان لەگەڵ ئەو ژیانە نوێ یە.
- هاتنەوەی ژیانی ئاسایی: قوتابخانە کەش و هەوایەکی باش دابین دەکات بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو  کە ئەمەش کارێکی پێویستە بۆ وڵاتێك کەپڕە لە ڕق و کینە و دووبەرەکی،هەر وەها دووچاری قەیرانی درێژخایەن بوەتەوە  وەکو عێراق.ئەو لێشاوە زۆرەی ئاوارەکان دەبێتە هۆکار بۆ دروستبوونی دڵەراوکێ لەناو کۆمەڵگا بەهۆی دروستبوونی پاڵەپەستۆ لەسەر هەندێك  لە سەرچاوە دیاریکراوەکان و هەروەها تێروانینی منداڵان لەسەر یەکتر دەگۆردرێت بەهۆی ئەو شتە ناخۆشانەی رۆژانە دووچاری دەبنەوە.
- ژیانێکی تەندروست: قوتابخانە زانیاری گرنگ دەبەخشێت بە منداڵان وەك پێدانی زانیاری دەربارەی تەندروستیان و خۆپاراستنیان لە نەخۆشی و هۆشداری لەسەر مینەکانی ژێر زەوی کە عێراق بە وڵاتێکی پڕ مین ناسراوە. هەروەها قوتابخانە هۆکارێکە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە منداڵان,لە قوتابخانە زیاتر هۆشیاردەبن لەسەر نەخۆشیەکان  وەك کۆلێرا، سورێژە کە 1,317 حاڵەت تۆمارکراوە لە 2014 و 389 حاڵەتیش لە 2015 دا، هەروەها زانیاریان پێدەدرێت کە چۆن بژین بەشێوەیەکی تەندروست.
- پتەوکردنی پەیوەندی: بەهۆی ئەو شەرو ناخۆشیەی  ئاوارەکان دوچاری بوونەوە تێروانینی قوتابیان دەگۆرێت  قوتابخانە هەلێکە بۆچاکترکردنی پەیوەندیەکان لەنێو ئاوارەکان و نێوان رەگەزنامە جیاوازەکان لەرێ ی ئەو رەوشە گونجاوەی بۆیان دابین دەکرێت لە نێوان قوتابیانی کۆمەڵگای خانەخوێ و قوتابیانی ئاوارەی سووری.
- سەرکەوتنی دارایی: خوێندنی ئاست بەرز  یارمەتی باشترکردنی توانای ئابوری منداڵ دەدات لە دوارۆژدا.توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن هەرساڵێك لە خوێندن دەتوانێ 10% ی داهاتی وڵات زیاد بکات وە ئەگەرتەنها سالێکیش بێت بۆ کچان ئەوا سودی دەبێت بۆ گوێگرتن و هاندانیان بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە لە دوارۆژدا.پەروەردەکردنی ئەو  رێژە زۆرەی منداڵانی کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارەی سووری پەیوەندە بە ماوەی جێگیربوونی وڵات و ناوچەکە. رێژەی زۆری ئەو منداڵانەی مەترسیان لەسەرە بە نەخوێندراوی بمێننەوە کاردەکاتە سەر پێشکەوتنی عێراق لە دوارۆژدا. نەبوونی خوێندن و پەروەردەکردنی منداڵ  دەکرێت ببێتە ئەرکێکی تر بۆ کەمبوونی هەتا هەتایی پێداویستیەکان لە عێراق و هۆکارێك بۆ راگرتنی  پێشکەوتنی وڵات لە دوارۆژدا.
- ئاشتی: خوێندن ئاستێکی بەرز پیشاندەدات لە پێشکەوتنی وڵات و ئاشتی و نەهێشتنی شەر، وە لەهەندێك حاڵەتدا کە بواری خوێندن کەم دەبێت و هەلی  شەر زیاد دەبێت.کە مێژووی عێراق لە دە ساڵەی شەری رابردوو, نەوەیەك هەبوونە کە خوێندویانە لە منداڵیەوەو  توانیویانە ئاشتی و جێگیربونی وڵات بپارێزن.

unicef | WAR child | EDGE | Save the Children | Un ponte per | Terre des hommes Proteggiamo i bambini insieme | United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization | UNHCR The UN Refugee Agency | peace winds | Ivy | triangle | World Vision | NRC Norwegian Refugee Council | International Rescue Committee